# تیۆریی کات و فەزا لای پلاتۆن

کاوە جەلال

## پێشەکی

پلاتۆن بە تایبەتی لە دیالۆگی "تیمایۆس"دا [(1)]، لە ڕوانگەی فەلسەفە دوالیستییەکەی خۆیەوە گۆڕان بە تیۆریی کات و فەزا (Space/Raum) دەدات، واتا لەو ڕوانگە فەلسەفەییەوە کە جیاوازی لە نێوان دوو جیهانی ئەزموون (ماتەری، مادی) و ئیدێدا دەکات. سەرەتا وەک دەروازەیەکی پێویست بۆ چوونە نێو تیۆریی کات و فەزاوە، ڕوودەکەینە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو جیهانەی ئەزموون و ئیدێکان — جیهانی ئەزموون وەک دەروێنە (لاسایی) و جیهانی ئیدێکان وەک سەروێنە ("بەشی یەکەم"، ناونیشانی "فەلسەفەی ئیدێکان"). لێ بە دیدی پلاتۆن جیهان بوونەوەرێک نییە کە لە خۆیەوە هەبێت، بەڵکو هۆکارێکی هەیە و بریتییە لە دەمیورگ (خودا)، کە لە "هیچ"وە یان لە "نەبوون"ـەوە (العدم) گەردوون ناخولقێنێت، بەڵکو تەنیا لە "چاکیی" خۆیەوە چوار توخمە سەرچاوەییەکەی ئاو و ئاگر، ئەرد و هەوا کە پێش دروستبوونی گەردوون لە دۆخێکی ناڕێکخراودا بوون، ڕێکدەخات، لێرەشدا ئاوڕ لە بوونی ئەزەلی (ئیدێی گەردوون) دەداتەوە و وەک سەروێنە/نموونە وەریدەگرێت.

"کات" بۆ یەکەم جار لەتەک "ڕێکخستنی گەردوون"دا دێتە ئاراوە (بەشی دووەم، تەوەری یەکەم). خودا بە بینینی بزووتن و جوانیی گەردوون "شادمان" دەبێت، هەر بۆیە بڕیار دەدات کە ئەم گەردوونە ئاراییە (سەیرورەییە) هەتا ڕادەی شیان لە سەروێنەکەی، واتا لە بوونی ئەزەلی، بچوێنێت، کە ئیتر ئێستا ڕێکخراوییەک لەسەر بناغەی فۆرم و ژمارە بە گەردوون دەدات، ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە ناوی دەنێین "کات". "بوونی ئەزەلی" بەڕێی کاتەوە بەشداری لە "ئامادە"دا دەکات. لێ هەردوو فۆرمەکەی دیکەی کات، واتا ڕابوردوو (بوو) و ئایندە (دەبێت)، بریتین لە بزووتن و لەتەک خودی کاتدا سەریان هەڵداوە. لە تەوەری دووەمدا، لەژێر ناونیشانی "سێبەشکردنی کات بەسەر ڕابوردوو و ئامادە و ئایندە"دا، پەیوەندیی نێوان ئەم سێ فۆرمەی کات ڕوون دەکەینەوە.

لە "تەوەری سێیەم"دا، لەژێر ناوی "کات وەک دەروێنەی بزواوی ئەزەلییەت"، ڕوو دەکەینە کێشەی بزووتن و پێوانی کات. لەبەر ئەوەی فۆرمەکانی ڕابوردوو و ئایندەی کات نیشانەن بۆ ئەوە، کە کات هاوشێوەی گەردوون دەروێنەییە، ئەوا دەبێت کاتیش مۆرکی بزووتن لە خۆ بگرێت، بێگومان بزووتنێک کە پێویستیی بە پێوان هەیە، یان بە زمانی پلاتۆن، پێویستی بە ژماردنە. پلاتۆن سووڕی خولگەیی پلانێتەکان وەک پێوەر وەردەگرێت.

لێ "کات" هەروەها بریتییە لە "دەروێنەی ئەبەدیی ئەزلییەت" (تەوەری چوارەم)، چونکە کات، پەیوەست بە "ئامادە"وە، بریتییە لە گەیەنەری بوونی ئەزەلی بە گەردوونی ئارایی. کەواتە مۆرکی کات لە لایەک بریتییە لە بزووتن، لێ کات لە لایەکی دی بە چەشنێک لەنێو ئەزەلییەتدا ئامادەیە، کە ئیتر بە دیدی پلاتۆن نەتوانین بەبێ کات لە ئەزەلییەت بهزرێین.

لێ ئەم دوو ڕەگەزەی ئەزەلییەتی سرەوتوو و گەردوونی ئارایی بەس نین بۆ مەئریفەی گەردوون، چونکە هەموو دۆخگۆڕییەک، واتا هەموو سەرهەڵدان و لەناوچوونێک، "لەنێو شتێکدا" ڕوو دەدات. ئێمە لێرەدا دەگەین بە پرسیاری "فەزا"، چونکە فەزا ئەو شتە نادیارەیە، کە لە نێویدا دۆخگۆڕییەکان ڕوو دەدەن. (بڕوانە "بەشی سێیەم"). لە "تەوەری یەکەم"ی ئەم بەشەدا، لەژێر ناوی "زەروورە وەک هۆکارێکی لاوەکی"، بەوە دەگەین کە "خودای بەئاوەز (ئاقڵ)" تاکە هۆکارێکی گەردوونی ڕێکخراو نییە، بەڵکو هۆکاری "زەروورە"ش ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت. بە شێوەیەکی دی ببێژین، خودای بەئاوەز قەنائەت بە "زەروورە" دەهێنێت، تاکو ئەوە کە جارێ خۆی لە دروستبووندا دەبینێتەوە، بخاتە باشترین دۆخەوە و ئەوجا وەک سەرەنجام گەردوونی دیار سەرهەڵدەدات.

لە تەوەری دووەمدا، لەژێر ناونیشانی "هەڵگرە نادیارەکەی دۆخگۆڕی"دا، فەزا دەخەینە ژێر دانوستاندنەوە. پلاتۆن بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکاری زەروورە، جارێکی دی لە سروشتی چوار توخمەکەی ئاو و ئاگر، ئەرد و هەوا پێش سەرهەڵدانی گەردوون دەڕوانێتەوە. لێرەدا بەوە دەگەین، کە پێش سەرهەڵدانی گەردوون فەزا وەک زەروورەیەک دۆخگۆڕییەکانی چوار توخمەکەی لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە، هەروەها لەنێو گەردوونی ڕێکخراودا هەڵگرێکی نادیاری زەرووریيە بۆ سەرجەم دۆخگۆڕییەکان.

لێ هاوکات گەرەکە ئاماژە بۆ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بدەین، لێرەشدا سێ مەبەستی گرنگ دێنە پێشەوە: یەکەم، وەک مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەکە، تێگەیشتن لەم تیۆرییەی کات و فەزا لای پلاتۆن نزیککەوتنەوەیە لە هزری ئەو و لێرەشەوە ئەم کارە دەتوانێت پێگەیەک لەنێو دانوستاندنی ئەکادیمییانەی پلاتۆندا وەربگرێت؛ دووەم ئێمە لەنێو مێژووی تیۆرییەکانی کات و فەزادا، کە هەتا ئەمڕۆ بەمێژوویی لەژێر دانوستاندان، لە یەکێک لە تیۆرییەکانی ئەنتیکە توێژیوینەتەوە، ئەمەش لە ڕووی دانوستاندنی مێژوویانەی کات و فەزاوە بەواتایە؛ سێیەم، هەتا ئەمڕۆ بە کوردی توێژینەوەیەکی ئەکادیمییانەی تیۆریی کات و فەزا لای پلاتۆن نییە، بۆیە دەشێت ئەم توێژینەوەیە ببێت بە زەمینەیەک بۆ توێژینەوەی فراوانتر لەم بوارەدا.

## 1- فەلسەفەی ئیدێکان

بە دیدی پلاتۆن جیهانی ئەزموون کە ئێمە بەڕێی سێنسەکانمانەوە دەرکی دەکەین، لە خۆیەوە نییە، بەڵکو بەندە بە بناغەیەکەوە کە تەنیا بەڕێی خۆیەوە هەیە. پلاتۆن ڕوو دەکاتە "بوونەوەر"ی هەردەم هەبوو، کە بوونێکی سەرمەدیی هەیە و ئێمە تەنیا بەڕێی ئاوەزەوە (نووس) لێی تێدەگەین، هەروەها ڕوو دەکاتە "جیهانی ئارایی"، کە هەرگیز ناشێت بوونەوەر بێت و ئێمە تەنیا بەڕێی سێنسەکانمانەوە دەرکی دەکەین [2]. لێ هەر شتێک، کە ئارایی (ئەمپیری) بێت، واتا ئەزەلی نەبێت و خۆی لە دۆخگۆڕیدا ببینێتەوە، دەبێت بە زەروورە "هۆکار"ێکی هەبێت. کەواتە ئێمە لە فەلسەفەی پلاتۆندا سێ فاکتەرمان هەیە: جیهانی ئەزموون، جیهانی ئیدێکان، هەروەها هۆکار یان خودا.

خودا، یان بە واتایەکی دی، ئیدێی چاکە، بۆ خۆی هەیە. لێ پلاتۆن لە خودایەکی ڕەهاوە (موتڵەقەوە) دەرناچێت، بەڵکو لە شرۆڤەی مەئریفەوە [3]. "ئەوە کە لای پلاتۆن بۆی هەیە لە واتایەکی فەلسەفەییدا ناوی خودای لێبنرێت، ئەو هۆکارەیە کە بەشداریی (مێتێکسیس) لە چاکەدا دەشێنێت، چونکە خۆی لە-خۆدا-چاکە و وەک چاک بێبەخیلییە" [4].

فاکتەری دووەم بریتییە لە بوونی سەرمەدی و سەروێنەیی ئیدێکان، واتا "فۆرمە سەرەتاییە هەرگیز نەکشاوەکان" [5]، کە بۆ خۆیان وەک بوونەوەر کایەیەکی تایبەتی و جیاکراوە لە جیهانی ئەزموون پێکدەهێنن و پلاتۆن ناوی دەنێت جیهانی "ئیدێنتیتێ" [6].

جیهانی ئەزموون، وەک فاکتەری سێیەم، تەنیا دیاردەی ئیدێیە لە واتای دەروێنەی ئیدێدا. جیهانی ئەزموون بۆ پلاتۆن بریتییە لە سەرجەم جەستەیەتی لەنێو کات و فەزادا، کە تایبەتە بە نائارامی و لەناوچوون. لێ پلاتۆن ئەم جیهانەی ئەزموون بەرەنگاری جیهانی ئیدێکان ناکاتەوە، بەڵکو دەیخاتە پەیوەندیی بەشداریکردنەوە لە ئیدێکاندا، لێرەشدا پەیوەندییەکی سەروێنەیی-دەروێنەیی لەنێوان هەردووکیاندا دەهێنێتە گۆڕێ، تاکو هەردوو جیهان بەرانبەر یەکتری نەوەستنەوە. بەم پێیە لە لایەک جیهانی ئیدێکان وەک بوونەوەری ڕاستەقینە هەیە و تەنیا بەڕێی ئاوەزەوە شیاوی لێهزرینە، لێرەشدا گەرەکە هزرڤان وەک زەرووری یان وەک لە-خۆدا-هەبوو و بۆ-خۆ-هەبوو لێیبهزرێت. بە پێچەوانەشەوە جیهانی ئەزموون کە تەنیا بابەتی دەرککردنە، خۆی لە ئاڕاستەیەکی بەشداریڤانانە لە بووندا دەبینێتەوە، بە واتایەکی دی، کۆشش دەکات بۆ ئەوەی بە بوونێک بگات.

پلاتۆن لەم بنەما فەلسەفەییەوە گۆڕان بە گەردووناسییەکەی دەدات، لێ ئەوە لە بنەڕەتدا گەردووناسی نییە لە واتای مەئریفەی مۆدێرنی گەردووندا، هەروەها پلاتۆن خۆیشی داوای ڕاستیی بۆ ناکات، بەڵکو داوای "ڕەنگەیەتی" بۆ دەکات. ئەو سەرهەڵدانی گەردوونی ڕێکخراو لە هۆکارێکەوە ناو دەنێت "ئەفسانەیەکی ڕاست".

## 2- سەرهەڵدانی کات لەتەک ڕێکخستنی گەردووندا

### 2-1 ڕێکخستنی گەردوون

لە بەشی یەکەمدا ئەو سێ فاکتەرەمان دیاری کرد، کە بۆ تێگەیشتن لە تیۆریی گەردوون لای پلاتۆن کرۆکیین، واتا خودا، جیهانی ئیدێکان و جیهانی ئەزموون. پلاتۆن بۆ سەرهەڵدانی گەردوون گریمانەی کردارێکی خودایانە دەکات، چونکە گەردوون کە دیارە و ئێمە دەرکی دەکەین، خۆی بەردەوام لە دۆخگۆڕیدا دەبینێتەوە، بۆیە دەبێت لە "هۆ"یەکەوە دروست بووبێت. ئێمە لێرەدا ڕوانگەیەکی هۆئەنجامی (کاوسالێتی)ـمان هەیە. ئەم ڕوانگە فەلسەفەییە دەبێژێت: هەر شتێک لە دروستبووندا بێت، دەبێت هۆیەکی هەبێت. پرسیار لەبارەی شتێک کە خۆی لە دروستبووندا دەبینێتەوە، پاڵنەرە بۆ ئەوە کە "لەبارەی بناغەکەی پرسیار بکرێت"؛ پلاتۆن "دەمیورگ (وەستا/خودا) و ڕوانینەکەی لە بوونی ئەزەلی وەک هۆکاری شتێکی لە-دروستبووندا-بوو" دیاری دەکات [7].

لێ وەستا لە "هیچ"ـەوە (من العدم) گەردوون ناخولقێنێت، بەڵکو "دوو پێکهاتەی بناغەیی" لە بەردەم خۆیدا دەبینێتەوە: "یەکێکیان بریتییە لە جیهانی سەروێنەکان (...)، یان لە جیهانی ئیدێ نەگۆڕ و دروستنەبووەکان"، کە خودا لێوەیان دەروێنەیەک دروست دەکات؛ ئەوی دیکەیان بریتییە لە "فەزا" وەک "کەرەسەی کردگاریی (و) خودا دەستوور و ڕێکخستن بۆ نێو بزووتنە بێدەستوورەکەی دەهێنێت" [8]. ئەم ڕێکخستنەی شتە دیارە ناڕێکخراوەکان گرنگترین پنتی دەرچوونە ڕووەو "ڕێکخراویی گەردوون" [9].

پرسیارێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە لەبەر چە هۆیەک خودا دەست دەنێتە نێو ناڕێکخراویی شتە دیارەکانەوە و لێرەشدا بوونی ئەزەلی وەک سەروێنەی گەردوونێکی ڕێکخراو وەردەگرێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت لە پاساوەکانی پلاتۆنەوە دەربچین. ئەو دەبێژێت: گەردوونی ڕێکخراو "جوانترین"ی سەرجەم شتە دروستبووەکانە [10]، لێ لەبەر ئەوەی جوانترینە، ئەوا دەبێت خودای ڕێکخەر لەکاتی ڕێکخستنیدا ئاوڕی لە بوونی ئەزەلی، واتا لە ئیدێی گەردوون دابێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە دەروێنە ڕێکخراوەکە هێندە کامیل و سەرجەمییە و هاوکات بە دەروون و ژیان تەنراوە. هۆی ئەم ڕێکخستە بۆ "چاک"یی خودا دەگەڕێتەوە. لێ لەبەر ئەوەی خودا چاکە، ئەوا نەشیاوە لە ئەو بەخیلی (فتۆنۆس) بووەشێتەوە [11]، هەر بۆیە ویستوویەتی کە گەردوونی دیار هەتا ڕادەی شیان لە خۆی بچێت. ئاخر ناشێت چاکە سۆزی هەبێت، یان بۆ نموونە خاوەنی هەست (ی بەخیلی بێت)، بەڵکو ئەو تەنیا چالاکیی ئاراهێنەری هەیە.

لێ هێشتا هەر گەرەکە وەڵامی گرنگترین پرسیار بدەینەوە: ئایا ئێمە دەبێت لە دەمیورگ (خودا) چی یان کێ تێبگەین؟ وەک گۆتمان، ئەو وەک "ئیدێی چاکە" بۆ ڕێکخستنی گەردوون لە بوونی ئەزەلی دەڕوانێت و وەک سەروێنەی ڕێکخستنەکە وەریدەگرێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا بوونی ئەزەلی خودا خۆیەتی وەک ئیدێی چاکە؟

واتا ئایا ئەو لە خودی خۆی دەڕوانێت؟ بۆ نزیککەوتنەوە لە وەڵامی ئەم پرسیارە سەرلەنوێ بنەماکانی ڕێکخراوی (کۆسمۆس) و ناڕێکخراوی (کائۆس) وەردەگرین. وەک ناترۆپ دەبێژێت، پلاتۆن لە دیالۆگی "فیلێبۆس"دا سەرجەم جوان و چاک، ئاوەز و دەروون، سەرجەم ژیان، بەتایبەتی ژیانی گەردوون، بە یەک تاکە پرنسیپی دوایەمینەوە بەند دەکات کە بریتییە لە پرنسیپی "دیاریکردنی دیارینەکراوی"، بە کورتی بریتییە لە پرنسیپی یاسا [12]. لەم ڕوانگەیەوە خودا و هۆکار، جوانترین و چاکترین، لە پرنسیپی دیاریکردن جیاناکرێنەوە. ئەم خودایە کە لەتەک خۆیدا یەکانگیرە، نەک لە ئیدێکان جیاناکرێتەوە، بەڵکو لە خودی ئیدێ وەک ئیدێ جیاناکرێتەوە. کەواتە خودا توخمێکی کرۆکی نییە و خۆی لەوبەر ئیدێکانەوە ببینێتەوە، ئەوجا لەوێوە لە ئیدێکان بڕوانێت و گەردوون وەک دەروێنەی ئیدێی ئەزەلی دروست بکات، بەڵکو ئەو وەک ئیدێی ئیدێ، یان وەک یاسای یاسامەندی، یان وەک دیاریکردنی دیارینەکراوی، خودی خۆی ڕیالیزە دەکات (تەحقیق دەکات). ئەوجا لە لایەکی دیکەوە تەنیا کاتێک گەردوونی دیار کارا دەبێت، گەر ئیدێکان (واتا دیاریکراوی) بۆ نێو دیارینەکراوی بهێنرێن، ئەم بۆنێوهاتنەش بریتییە لە "دروستبوون بە ئاڕاستەی بوون" [13].

خودا یەک "تاکە" گەردوون ڕێکدەخات، کەواتە دەبێت ئەم تاکە گەردوونە "هەتا ڕادەی شیان" کامیل بێت [14]، بە واتایەکی دی دەبێت گەردوون هەتا ڕادەی شیان هاوشێوەی خودا خۆی بێت. بۆیە کاتێک "خودای هەمیشە هەبوو" دەبینێت، کە گەردوون پڕژینە و "دەبزوێت"، واتا گەردوونێکە "کە بە بوون دەبێت" [15]، ئیتر بەم بینینە "شادمان" دەبێت و بڕیار دەدات، کە گەردوونی دەروێنەیی لەوەش زۆرتر لە سەروێنەکەی بچوێنێت، واتا دەیەوێت بە چەشنێک کامیلێتی بە گەردوون بدات، کە ئیتر بگات بە دۆخی ئەزەلییەتی سەروێنەیی. لێ لەبەر ئەوەی ئەزەلییەتی سەروێنەیی سروشتێکی ئەزەلیی هەیە و نەشیاوی لەناوچوونە، ئەوا نەشیاوە ئەو چۆنێتییە بەپڕیی بە دەروێنەکەی بدرێت. ئاخر دەروێنەکە تەنیا لاسایی، واتا دیاردەی ئەوە. بۆیە خودا بڕیار دەدات، کە "دەروێنەیەکی بزۆکی ئەزەلییەت" بسازێنێت، ئەم دەروێنە بزۆکەش ئەوەیە کە ئێمە ناوی دەنێین "کات" [16]. گرنگ لێرەدا بۆ ڕەوتی بەردەوام و نەگۆڕی گەردوون ئەوەیە، کە پێکەوە لەتەک ئەم دەروێنە بزۆکەدا سەرجەم "کاتەکانی دی"، واتا ڕۆژ و شەو، هەیڤ و ساڵ، دێنە ئاراوە [17].

## 2-2 سێبەشکردنی کات بەسەر ڕابوردوو و ئامادە و ئایندەدا

پلاتۆن سوود لە سێبەشکردنی کات بەسەر ڕابوردوو و ئامادە و ئایندەدا وەردەگرێت، لێ هاوکات دەیخاتە ژێر ڕەخنەوە. ڕەخنەکەی بە تایبەتی ئاڕاستەی "هەیە" (ـە / is) ی ئامادە دەبێتەوە. وەک لە سەرەوە پێشانمان دا،

کات لەتەک ڕێکخستنی گەردووندا دێتە ئاراوە و ئەم گەردوونەش بریتییە لە دەروێنەی بوونی ئەزەلیی. بە دیدی پلاتۆن بوون تەنیا بەڕێی کاتەوە دەتوانێت بەشداری لە ئامادەدا بکات، لێ شێوەکانی "بوو" و "دەبێ" بریتین لە بزووتن و لەتەک کاتدا سەریان هەڵداوە. "بوو" واتای لکاندنی کات بە ڕابوردووەوە، "دەبێ" واتای لکاندنی کات بە ئایندەوە دەگەیەنێت. لێ بوون خۆی لە "ئێستاکات"دا دەبینێتەوە و دەکەوێتە نێوان "بوو" و "دەبێ"وە. بوون لە ڕەوتەکەیدا لە "زووتر"ەوە ڕووەو "درەنگتر" ناتوانێت بەسەر ئامادەدا باز بدات، هەر بۆیە دەبێت بەر ئامادە و درەنگتر بکەوێت. کاتێک ئامادە بەردەدات و درەنگتر دەگرێت، ئەوا لە نێوان هەردووکیاندایە [18].

لە ئامادەدا "هەیە"ی یان "ـە"ی (is) هەمیشە بەردەوام دەردەکەوێت. کاتێک ئێمە لە ڕابوردوو دەدوێین، ئەوا مەبەستمان لە نەماوێکە؛ هەروەها ئێمە پەیوەست بە ئایندەوە لە هێشتا نەهاتوویەک دەدوێین. تەنیا ئامادە ئامادەیە (پرێزێنتە). لێ ئامادە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان ڕابوردوو و ئایندە، بەبێ ئەوەی بتوانێت بوونێکی سەربەخۆ ئاوەڵا بکات. کەواتە ئامادە ناتوانێت ببێت بە بوون، بەڵکو وەک نابوونەوەرێک دەمێنێتەوە [19].

لەو ساتەدا کە کات لە نێوان ڕابوردوو و ئایندەدایە، لە بووندا بەشداری دەکات، لێ لەوێدا "کە بوون ڕووەو ئارایی وەردەگۆڕرێت، بەشداری ناکات" [20]. ئەم وەرگۆڕینەی بوون بۆ ئارایی لە "سات" (**لحظة**)دا ڕوودەدات، لێ وەرگۆڕینەکە لە سرەوتنی سرەوتووەوە یان لە بزووتنی بزواوەوە نایەت، بەڵکو "سات" لەنێو پنتی نێوان بزووتن و سرەوتندا نیشتووە، بەبێ ئەوەی خۆی لەنێو کاتدا ببینێتەوە. لە ساتدا و لە ساتەوە بزواو خۆی بۆ سرەوتوویی و سرەوتوویش خۆی بۆ بزووتن وەردەگۆڕێت [21]. کەواتە پەڕینەوەی بوون ڕووەو ئارایی لە کاتدا ڕوو نادات، بەڵکو لە ساتدا لە نێوان دوو یەکەی (ئینتەرڤالی) کاتدا. ئەم ساتە ئامادەیەکی هەنووکەیی (ئەکتوێل) گەرەک نییە، چونکە لە دەرەوەی کاتدایە [22].

"ئارایی" بێسنووری و کراوەیی کات دەردەخات. لێرەدا مەبەست لەوەیە کە دژخگۆڕییەکان هەتا بێدوایەکی دەخایەنن. لێ پلاتۆن دەخوازێت داخراوی و یەکایەتی و سەرجەمێتی بەدیبهێنێت. ئەو بە یاریدەی فۆرمی خولگەیی کات هەوڵ دەدات ئەم سەرجەمێتییە مسۆگەر بکات. سەرجەمێتییەکە بەو ڕێیەوە دێتە گۆڕێ، کە کۆتایی بزووتنە خولگەییەکە بۆ سەرەتا دەگەڕێتەوە و بەمەش هەردووکیان یەکدەگرنەوە. ئەمە ڕێگەیەکە بۆ چارەسەری نەسازییەکان.

## 2-3 کات وەک دەروێنەی بزواوی ئەزەلییەت

بۆ ئەوەی لە کات وەک دەروێنەی ئەزەلییەت تێبگەین، دەبێت سەرلەنوێ لە دوالیزمی جیهانی ئیدێ و جیهانی ئەزموون بڕوانینەوە. مۆرکی جیهانی ئیدێ بریتییە لە سرەوتوویی و نەگۆڕین، لێ مۆرکی جیهانی ئەزموون بە

پێچەوانەوە بریتییە لە بزووتن و ئارایی. پلاتۆن دەروێنەی ئەزەلییەت لەنێو کایەی ئەزموونیدا دیاری دەکات. وەک گۆتمان، مۆرکە سەرەکییەکەی ئەم کایەیە بریتییە لە بزووتن. کەواتە گەر "کات" دەروێنەی ئەزەلییەت بێت، ئەوا دەبێت مۆرکی بزووتن لە خۆ بگرێت.

لێ ئایا بزووتنی کات چ جۆرێکە؟ پلاتۆن سەرەتا پەیوەست بەم پرسیارەوە جیاوازی لە نێوان جۆرەکانی بزووتندا دەکات، تاکو "هیچ نەبێت جۆرێکی تایبەتیی بزووتن لەتەک (ئەزەلییەتی - ن) سرەوتوودا بگونجێنێت"، لێرەشدا دەبینێت کە بزووتنی خولگەیی بێسنوور و یەکئاڕاستەیی تەواو گونجاوە بۆ ئەو مەبەستە. پلاتۆن ئەم جۆرەی بزووتن لە نێوان ئەزەلییەتی سرەوتوو و بزووتنی بێسنوور و هەوەسداری نێو ئاراییدا دادەنێت. بزووتنی خولگەیی بێسنوور بزووتنێکە کە هۆکارەکەی لەنێو خۆیدایە [23].

مۆرکە کرۆکییەکەی بزووتنی خولگەیی ئەوەیە، کە ئەم جۆرەی بزووتن دوو لایەن لە خۆ دەگرێت: دوایەکێتی و بێدوایەکێتی. بزووتنی خولگەیی لەو واتایەدا دوایەکییە، کە بزووتنەکە هەمیشە بۆ نێو خۆی دەگەڕێتەوە، واتا کۆتاییەکەی خولگەییانە بۆ نێو سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە و بەمەش فۆرمێکی داخراو و دوایەکی دەخاتەوە؛ لێ بزووتنی خولگەیی لەو واتایەدا بێدوایەکییە، کە سووڕە خولگەییەکە (دوایەکییەکە) هەتا بێدوایەکی شیمانەی چەندپاتکردنەوە لە خۆ دەگرێت و ئەمەش، سەرباری چەندپاتییەکە، پێشڤەچوونێکی بێدوایەکی پێکدەهێنێت [24].

لەتەک کاتدا هەروەها سەرجەم جۆرەکانی کات، واتا ڕۆژ و شەو، هەیڤ و ساڵ، سەرهەڵدەدەن. کەواتە پێوەرێک بۆ پێوانی کات پێویست دەبێت. پلاتۆن "ژمارە" وەک پێوەری کات دادەنێت: ژمارەکان دەخاتە پاڵ بزووتنەکە، کە ئیتر لێرەوە کات بە دەسوێژی بزووتن دەپێورێت و پۆلێن دەکرێت. لێ ڕیزی ژمارەکان، کە هەتا بێدوایەکی درێژ دەبێتەوە، داوای بزووتنێک دەکات کە هەتا بێدوایەکی درێژ ببێتەوە [25].

پلاتۆن پێوانی کات لە سووڕی خولگەیی دیاردە بەرجەستەکانی ئاسمان، واتا پلانێتەکان، وەردەگرێت. پلاتۆن سەرهەڵدانی پلانێتەکان بۆ دانایی خودا دەگەڕێنێتەوە، داناییەک، کە ئاڕاستەیەک بە مەبەستەکەی دەدات: خودا لە پێناوی سەرهەڵدانی کاتدا خۆر و مانگ، هەروەها پێنج پلانێتەکە، دروست دەکات [26].

بەم شێوەیە دەرفەت دەڕەخسێت تاکو ئەو ژمارانە جیابکرێنەوە کە بۆ پێوانی کات پێویستن. لای پلاتۆن سووڕی پلانێتەکان بەوە درێژیی کات دیاری دەکەن، کە بۆ هەر سووڕێک ژمارەیەک دادەنرێت و ئەم دانانەش هەتا بێدوایەکی دەخایەنێت. لە نێوەندی گەردووندا زەمین هەیە، کە خۆی لە بزووتنێکی سووڕاوە بە دەوری خۆیدا دەبینێتەوە. پلانێتەکانیش دوو جۆر بزووتنیان هەیە: بزووتنێک بە دەوری خۆیاندا و بزووتنێکی بازنەیی بە دەوری زەمیندا، لێ ئەم بزووتنەیان لە میانەی جیاواز و گوڕ و لاریی گۆشەی جیاوازدا ڕوو دەدات. لەتەک هێڵی سووڕانەوە خۆییەکاندا شێوەی خۆیی کات یەکدەگرێتەوە. بۆ نموونە لە ئەنجامی سووڕانەی زەمیندا ڕووەو ئاسمانی ئەستێرە

سرەوتووەکان ڕۆژ دێتە ئاراوە، لە ئەنجامی سووڕانەوەی مانگدا هەیڤ چێدەبێت و لە ئەنجامی سووڕانەوەی خۆردا ساڵ [27].

## 4-2 کات وەک دەروێنەی ئەبەدیی ئەزەلییەت

لە سەرەوە، لە تەوەری سێیەمی ئەم بەشەدا، ڕوونمانکردەوە، کە کات بریتییە لە دەروێنەی ئەزەلییەت و مۆرکی دەروێنەش بریتییە لە بزووتن. لێ پلاتۆن هەروەها کات وەک دەروێنەیەکی ئەبەدیی ئەزەلییەت دیاری دەکات. ئێمە پەیوەند بەم پرسەوە گەرەکە لە تێگەیشتنی پلاتۆن بۆ گەردوون بڕوانینەوە، کە تێگەیشتنێکی ماتماتیکی-مەزەنەییە. پلاتۆن لەو بڕوایەدا بوو، کە گەردوون وەک سەرجەم فۆرمێکی گۆیی هەیە، چونکە، ئەمەش پەیوەست بە مەبەستە فەلسەفییەکەیەوە، تەنیا گۆ لە ڕووی ماتماتیکییەوە کامیلە. لێ لەبەر ئەوەی گەردوون بە دیدی ئەو جەوهەرێکی زیندووە و هەروەها دەروونێکی هەیە کە سەرجەم فەزا پڕدەکاتەوە، ئەوا گەردوون هاوکات خاوەنی ژیانە، ئەمەش بە واتای گەردوون لە بزووتندایە. ئەم بزووتنە بۆ پلاتۆن تەنیا دەشێت بزووتنی "خولگەیی (ڕۆتاسیۆن) بێت، چونکە تەنیا بزووتنی خولگەیی کامیلترین" بزووتنە [28].

بەم پێیە سووڕانەوەی گەردوونی گۆئاسا بە دەوری خۆیدا نیشانەیە بۆ "کامیلێتییەکەی". گەردوون بەهۆی ئەم کامیلێتییەوە دەتوانێت وەک "خودایەکی بەختیار" [29] لەتەک خۆیدا هەڵبکات. خودا لەم ڕوانگەیەوە "خودایەکی ئەبەدی" ڕێکدەخات، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم خودا ئەبەدییە (ئەم گەردوونە) هەتا ڕادەی شیان لە ئەزەلییەت بچێت، ئەوا خودا لەنێو کاتدا دەیسازێنێت. بۆیە پلاتۆن ئەو کاتە کە بە گەردوون دراوە، ناو دەنێت دەروێنەیەکی ئەبەدی، واتا "مۆرکی کایەی ئەزەلی بەسەر کایەی کاتدا تەتبیق دەکات و لێرەشەوە شیمانەیەک بۆ لێچواندن دەهێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی بتوانین دەروێنەکە بە سەروێنەکە بچوێنین". لێ کات وەک "دەروێنەی ئەبەدی هێشتا هەر لە ئەزەلییەت جیاواز دەمێنێتەوە، چونکە سرەوتوو نییە، بەڵکو دەبزوێت" [30].

لەبەر ئەوەی کات، وەک دەروێنەی ئەزەلییەت، سەرەتا و کۆتایی هەیە، ئەوا جیاوازە لە ئەزەلییەت، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەزەلییەت سەرەتا و کۆتایی نییە، بە واتایەکی دی، لەبەر ئەوەی ئەزەلییەت لەوبەر سەرەتا و کۆتاییەوە هەیە، ئەوا ئەزەلییەت سەرمەدییە: لەوبەر کاتەوەیە. کات و گەردوونی ئەزموونی لای پلاتۆن هاوشێوەییەکی نزیکیان لە یەکتری هەیە: چۆن کات دەروێنەی ئەزەلییەتە، ئەوهایش گەردوونی ئەزموونی دەروێنەی ئیدێی گەردوونە. یان: پلاتۆن لە "خودای هەمیشە هەبوو" دەدوێت، ئەوجا گەردوون لەتەکیدا دەخاتە پەیوەندییەوە و ناوی دەنێت ئەو خودایە کە "بە بوون دەبێت" [31]. مەبەستی پلاتۆن لە دانانی ئەم پەیوەندییە ئەوەیە، کە بەڕێیەوە ئاماژە بۆ تاکێتیی گەردوونی دیار بدات.

وەک لەسەرەوە پێشانمان دا، پلاتۆن فۆرمێکی گۆیی بە گەردوون دەدات، بۆ ئەوەی لە هەموو ئاڕاستەیەکدا هاوکێش بێت. لێ چۆن فۆرمی گۆیی بۆ گەردوون گونجاوە، بە هەمان شێوە سووڕی خولگەیی بۆ کات فۆرمێکی گونجاوە، چونکە مۆرکەکەی بریتییە لە یەکسانییەکی یەکلایەنی. سووڕی خولگەیی ئەو فۆرمەیە، کە بەرێییەوە ئەمجیهان بە ئەوجیهان، واتا کایەی ئارایی بە کایەی ئەزەلی، دەگەیەنرێت: ئەم "فۆرمە دەروێنە"ییەی کات چە سەروێنە و چە دەروێنە بەیەک دەگەیەنێت و پێکەوە دەلکێنێت [32]. لە لایەک فۆرمی خولگەیی بریتییە لە داخراوی و یەکایەتی و سەرجەمێتی، چونکە بزووتنێکی بۆ نێو خۆ گەڕاوەیە، لێ فۆرمی خولگەیی لە لایەکی دی بریتییە لە کراوەیی و بێدوایەکێتیی، چونکە بزووتنەکەی توانای چەندپاتکردنەوەی بێدوایەکییانەی هەیە. کات لە شێوەی یەکەمدا خۆی بە ئەزەلییەتی سەروێنەییەوە دەلکێنێت، کە یەکایەتی و سەرجەمێتییەکی سرەوتوو و داخراوە، لێ لە فۆرمی دووەمدا خۆی بە بێدوایەکێتی و دیارینەکراویی کایە ئەزموونییەکەوە دەلکێنێت [33].

## 3- فەزا

### 3-1 زەروورە وەک هۆکارێکی لاوەکی

پلاتۆن سەرەتا بۆ لێکۆڵینەوەی گەردوون دوو ڕەگەزی دیاری کرد: یەکەم، بوونی ئەزەلی وەک سەروێنە، دووەم، ئارایی وەک دەروێنەی سەروێنە. لێ پلاتۆن هاوکات لە "تیمایۆس"دا دەبێژێت، کە ئەم دوو ڕەگەزە بەس نین بۆ مەئریفەی گەردوون. ئاخر کاتێک ئێمە لە گەردوون دەتوێژینەوە، ئیدی لەو ڕەوتەدا ناچار دەبین "فۆرمێکی ئاڵوز و تاریک" ڕوون بکەینەوە [34].

ئەم کێشەیە ڕوو دەکاتە خودی تێگەی ئارایی، چونکە هەر شتێک کە لە ئارادا بێت، هەمیشە پێشمەرجێکی هەیە. پلاتۆن لێرەدا ڕوانگەیەکی هۆئەنجامی (کاوسالێتی) وەردەگرێت، لێ ئەو ناتوانێت پێشمەرجەکە لەم ڕوانگەیەوە ساغبکاتەوە، بۆیە ئێستا هانا بۆ "ئەفسانەی ئارایی" دەبات و بەم ڕێیەشەوە هەوڵ دەدات "وێنەی تێکەڵێک لە بوون و نەبوون بدۆزێتەوە" [35]. لەم ڕوانگەیەوە ئارایی ڕێکخراوی گەردوون تێکەڵێکە لە ئاوەز و زەروورە وەک دوو هۆکارەکەی گەردوون: ئاوەز وەک هۆکاری سەرەکی و زەروورە وەک هۆکاری لاوەکی. پلاتۆن جیاوازی لە نێوان دوو شتدا دەکات: لە لایەک ئەوە "کە بەرێی ئاوەزەوە هێنراوەتە ئاراوە"، لە لایەکی دی ئەوە "کە بەرێی زەروورەوە دێتە ئاراوە" [36]. لێرەدا ئاوەز، بە واتایەکی دی: خودای بەئاوەز (ئاقڵ) قەنائەت بە "زەروورە" دەهێنێت تاکو ئەو شتە کە خۆی لە پرۆسەی دروستبووندا دەبینێتەوە، بخاتە باشترین دۆخەوە. گەردوون بەهۆی ئەم قەنائەتهێنانەی زەروورەوە دێتە ئاراوە.

لەم ڕوانگەیەوە "خودای بەئاوەز زەرووره دەخاتە خزمەتی مەبەستی باڵای ڕێکخراوی گەردوونەوە"، لێ گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە خودا بەدووی ئەمەدا بە هیچ شێوەیەک "خاوەن و ڕێکخەری گەردوون نییە"، ئەمەش بۆیە ئەوهایە، چونکە "لەپاڵ هۆکاری خودای بەئاوەزدا/ئاقڵدا هۆکاری زەرووره هەیە" (37).

پلاتۆن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم هۆکارەی دووەم لە نوێوە تێهەڵدەچێتەوە، لێرەشدا لە سروشتی چوار توخمەکەی ئاو و ئاگر، ئەرد و هەوا، لە دۆخی سەرچاوەییاندا پێش سەرهەڵدانی گەردوون دەڕوانێتەوە. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، پلاتۆن تێگەیشتنێکی ماتماتیکیی-مەزەنەیی لەبارەی گەردوون هەیە. دەرچەی ئەو بۆ ئاوەڵاکردنی ئەم کێشەیە بریتییە لە دوو جۆر سێگۆشەی گۆشەوەستاو، کە سەرەتا هەبوون: سێگۆشەیەک وەک نیوەی چوارلایەکسان و سێگۆشەیەک وەک نیوە سێگۆشەی هاولا (38). خودای بەئاوەز لەم دوو سێگۆشە ڕەسەنەوە چوار جەستەی ڕێکخراو (مونتەزەم) دروست دەکات کە جەستەی چەندڕووبەرییین (پۆلیئێدەر) و جیاوازن لە یەکدی. گەردیلەکانی (ئەتۆمەکانی) چوار توخمەکە لەم جەستە چەند ڕووبەرییانە پێکدێن. گەردیلەکانی ئاگر کە سووکترینن، فۆرمی چوار ڕووبەرییان هەیە (تێترائێدەر)، گەریلەکانی هەوا فۆرمی هەشت ڕووبەرییان هەیە (ئۆکتائێدەر)، گەردیلەکانی ئاو فۆرمی بیست ڕووبەرییان هەیە (ئیکۆزائێدەر)، لێ گەردیلەکانی ئەرد کە کێشدارترینن، فۆرمی شەش ڕووبەرییان هەیە (هێکسائێدەر = شەشپاڵو). بە دیدی پلاتۆن ئەرد بەهۆی ئەم فۆرمە شەشپاڵوویییەی گەردیلەکانییەوە نەبزۆکترینی چوار توخمەکەیە و بەمەش چەسپترین بناغەیە. لێرەدا ئەو پرسیارەش ڕوون دەبێتەوە، کە بۆچی پلاتۆن زەمین دەخاتە سەنتەری گەردوونەوە.

جیاوازییەکانی نێوان چوار توخمەکە و هەڵوێستی ڕاکێشهێزیان دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازییەکانی فۆرم و قەوارەی سێگۆشە توخمییەکان، کە لێوەیان ڕووبەرەکان دروست بوون (39).

کەواتە بە تێڕوانینی پلاتۆن چوار توخمە سەرچاوەییەکە سەرچاوەیی نین، چونکە ئەوان سرەوتوو نین. ئاخر تەنیا ئیدێ سەرچاوەییە یان سەروێنەیە، چونکە سرەوتووە. ئەوە ئێمەین کە بەهەڵە چوار توخمەکە وەک سەرچاوەیی دەبینین. ئەم توخمانە بەڕێی هەڵوەشانەوەیان، بەڕێی ڕوونبوونەوە و چڕبوونەوەیانەوە، بۆ نێو یەکتری دەگۆڕڕێن، بۆیە تەنیا نیشانەن بۆ "ئەوها-دروستبوویەک" (40). لێرەدا پرسێک جەختە: ئەم ئەوها-دروستبوونانە یان دۆخگۆڕییانە تەنیا دەشێت لەنێو هەڵگرێکدا ڕوو بدەن. پلاتۆن لێرەوە ڕوو دەکاتە ئەو "شتە" کە لە نێویدا هەر دەرکەوتن و دیارنەمانێکی توخمەکان ڕوو دەدات، ئەم شتەش بریتییە "لە (X)ێکی نەگۆڕ کە هیچ کامیان نییە" و دەتوانێت توخمەکان بگرێتە خۆ (41). ئەم شتە نەگۆڕە بریتییە لە "فەزا". چۆن پلاتۆن "فیزیک بۆ ئەندازە" دەگەڕێنێتەوە، ئەوهایش "مادە بۆ فەزا" (42). لێ سەرەتا، پێش ڕێکخستنی گەردوون، هەر یەکەی توخمەکان لەنێو فەزای جیاواز و تایبەتمەندیاندا بوون و لەدژی یەکدی هەڵوێستیان وەردەگرت. ئەوجا دوای ئەوە کە خودا فۆرم و ژمارە بەم توخمانە دەدات، دوای ئەوە کە "بە جوانترین و باشترین شێوە" پێکەوەیان دەلکێنێت، ئیدی بەو کارە

گۆڕان بەسەر هەڵوێستیاندا دەهێنێت. "کەواتە ئەو دوو سێگۆشەیە"، کە خودا لێوەیان جەستەکان دەهێنێتە ئاراوە، "جوانترین فۆرمن"؛ ئەم جوانترین جوانییەیان وا لە خودا دەکات کە لە "دروستکردنی گەردووندا" بەکاریان بهێنێت [43].

## 2-3 فەزا وەک هەڵگرە نادیارەکەی ئارایی

ئایا فەزا یان ئەو نادیارە چییە کە سەرجەم ئارایی هەڵدەگرێت؟ پلاتۆن هەوڵ دەدات بە یاریدەی لێچواندن (ئەنالۆگی) ئەم هەڵگرە نادیارە باشتر ڕوون بکاتەوە، لێرەشدا وەک "لەوێوە"یەک بە زێڕی دەچوێنێت. مرۆڤ دەتوانێت لە زێڕەوە سەرجەم فیگورە شیاوەکان بسازێنێت (ملوانکە، بازن، ئەڵقە و هتد)، لێ ئەم فیگورانە تەنیا بریتین لە "ئەوها-دروستبوو-یەک". ئەوە کە لە گۆڕینی ئەم فیگورانەدا وەک نەگۆڕ دەمێنێتەوە، کەرەسەی زێڕە، چونکە خۆی فۆرمی نییە. هەروەها ئەو فیگورانە کە سەرهەڵدەدەن، تەنیا دەروێنەی سەروێنەکانن [44]. کەواتە ئێمە لێرەدا سێ ڕەگەزمان هەیە: یەکەم ئەوە کە "دەبێت"، واتا دێتە ئاراوە، دووەم ئەوە کە "لەنێویدا" شتێک دەبێت (یان شتێک دێتە ئاراوە)، سێیەم ئەوە کە وەک سەروێنە وەردەگیرێت و لێوەی شتێک وەک دەروێنە دەفۆرمێنرێت (بۆ نموونە فۆرمی ملوانکەیەک کە وەک سەروێنە وەردەگیرێت و لێوەی بە زێڕ ملوانکەیەک دەسازێنرێت). لێ کاتێک سەروێنە نەشیاوی دەرککردنە، هەروەها کاتێک ئارایی (گەردوون) تەنیا ئۆبژێکتی دەرککردنە، ئەوا ڕەگەزەکەی سێیەم کە پلاتۆن ناوی فەزای لێ دەنێت [45]، نە فۆرم و نە چۆنێتیی هەیە، هەروەها ناکەوێتە ژێر ڕکێفی دۆخگۆڕییەکانەوە و هاوکات وەک هەڵگرێکی نادیار سەرجەم ئارایی لە خۆ دەگرێت. جگە لەمە ئێمە بە هیچ شێوەیەک ناتوانین دەرکی فەزا بکەین، بەڵکو تەنیا دەتوانین "لێی بهزرێین"، بێگومان لێهزرینێک کە بەزەحمەت پێمان ئەنجام دەدرێت.

لێ دەبێ جارێ پەیوەست بە پرسیاری فەزاوە بووەستین و ڕووبکەینەوە دۆخی چوار توخمەکەی ئاو و ئاگر، ئەرد و هەوا، پێش ڕێکخستنی گەردوون. بە دیدی پلاتۆن فەزا پێش ڕێکخستنی گەردوون هەڵگری دۆخگۆڕییەکانی چوار توخمەکە بووە، ئەمەش بە پێچەوانەی کات کە لەتەک سەرهەڵدانی گەردووندا دێتە ئاراوە. لێ سەرەتا ئەم توخمانە کە فەزا لەنێو خۆیدا هەڵی گرتبوون، بە ناڕێکخراوی و شێواوی دەگۆڕران، لێرەشدا نەک تەنیا ئەوان فەزای هەڵگری خۆیان بە شێوەیەکی ناهاوتا "ڕادەژەند"، بەڵکو هەروەها فەزا ئەوانی دەبزواند. لەم ڕەوشەوە "وەک سەرئەنجام شێوەیەکی پێشڕێکخراویی چوار توخمەکە پێش هەر ڕێکخراوێکی شیاوی گەردوون دێتە ئاراوە"، واتا گۆڕانێکی ئەوتۆ کە دەشێت ڕوویدات "گەر خودا لەوێ نەبێت. لێرەوە دەتوانین گریمانە بکەین کە: گەر خودا خۆی

دەست بنێتە نێوییەوە، ئیتر لەم پێشرێکخراوییەوە رێکخراوی راستەقینەی گەردوون بەگوێرەی فۆرم و ژمارە دێتە ئاراوە" [46]، واتا گەردوونێک "کە بەگشتی تایبەتمەندییەکی ماتماتیکیی هەیە. کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە، کە خودا ئافرێنەر نییە (...) و تەنیا نارێکخراویی رێکدەخات، بەڵکو ئەوەیە کە خودا شتێکی پێشرێکخراو رێکدەخات، واتا خودا بەندە بە قەوارەیەکی ئەوتۆوە کە پێشتر بە زەرووره رێکخراوە" [47].

ئێمە گەرەکە لێرەوە رووبکەینەوە فەزا وەک هەڵگری نادیاری گەردوون یان هەڵگری سەرجەم ماتەری/مادە. لێرەدا بۆ روونکردنەوەی پوختتری فەزا ناچار دەبین سەرلەنوێ شرۆڤەی دەروێنە بکەینەوە. ئەم شرۆڤەیەی دەروێنە "رووەو دوو لایەنمان دەبات: یەکەم، رووەو بەدەروێنەکراو؛ لێرەدا وێنەکە بە خودی بەدەروێنەکراو ئاماژە بۆ سەروێنەکە دەدات"؛ دووەم، شرۆڤەکە رووەو ئەو نێوەندەمان دەبات "کە لە نێویدا بەدەروێنەکردنەکە روودەدات" [48]. کاتێک ئێمە لە دەروێنە دەدوێین، ئەوا مەبەستمان شتێکە کە "لە لای خۆی نییە، بەڵکو لە ئاماژەداندایە؛ دەروێنە هەمیشە شتێکی دی دیاردەهێنێت، هەر بۆیە دەبێت خۆی شتێکی جیاواز بێت لەو شتە کە ئەو دیاری دەهێنێت. وێنە بۆ نموونە تەنیا بەو رێیەوە وێنەیە کە وەک وێنە ئەو شتە نییە کە ئەو وێنەی دەداتەوە، بەڵکو بۆ خۆی شتێکە. لێ وێنە لە لایەکی دی تەنیا کاتێک وێنەیە، گەر ئەو شتە کە بۆ خۆی هەیە، دیارنەهێنێت، بەڵکو ئەویدییەکەی دیاربهێنێت. پلاتۆن لەم بونیادە دیالێکتیکییەی وێنەوە ئەو هەڵگرە نادیارە دادەبرێت کە لە نێویدا هەموو وێنەیەک بوونی خۆی بەدیدەهێنێت" [49].

کەواتە گەر دەروێنە هەمیشە لەنێو فەزادا بێتە ئاراوە و تەنیا لەنێو فەزادا بۆی بلوێت خۆی بە بوونی ئەزەلییــەوە رابگرێت، ئەوا فەزا دەکەوێتە نێوان کایەکانی ئەزموون و ئاوەزەوە. گەرچی فەزا هەڵگرێکی لەخۆگری گەردوونە، لێ خۆی وەک کایەی گەردوونی دیار (مەحسوس) شیاوی دەرککردن نییە؛ ئەوجا: گەرچی ئێمە تەنیا بەرێی ئاوەزەوە دەتوانین لە زەرووڕەی هەبوونی فەزا بهزرێین، سەرەرای ئەوە فەزا هەمان پێگەی ئیدێکانی نییە [50]، کە تەنیا بابەتی ئاوەزن. پەیوەندیی نێوان فەزا و ئیدێ هەمان ئەو پەیوەندییە نییە کە لە نێوان ئیدێ و دەرککردندا هەیە. "فەزا لە ئیدێ نزیک دەکەوێتەوە، چونکە نادیارە، لێ فەزا هەروەها لە کایەی گەردوونی دیار نزیک دەکەوێتەوە، چونکە دیارینەکراوە و ئیدێ فۆرمێکی پێدەدات" [51].

## پەراوێزەکان

1) پلاتۆن، بە ئەرەبی ئیفلاتون (427 پ.ز. – 347 پ.ز.)، بۆ نووسین فۆرمی "دیالۆگ"ی هەڵبژاردبوو. دیالۆگی "تیمایۆس" یەکێکە لە دیالۆگەکانی قۆناغی کۆتاییی کارکردنی پلاتۆن. ئەم دیالۆگە، لەپاڵ پرسیاری ڕێکخستنی گەردووون و کێشەکانی کات و فەزادا، لەتەک هەندێک کێشەی دیکەدا خەریکە و نابن بە بابەتی توێژینەوەکەمان. تیمایۆس لەم دیالۆگەدا ئەستێرەناسێکی پتاگۆرییە و لە دیالۆگەکەدا ئەو جێگەیەی هەیە کە سۆکرات لە دیالۆگەکانی پێشتری پلاتۆندا وەریگرتبوو. لە گفتوگۆکاندا تیمایۆس و سۆکرات، کریتیاس و هێرمۆکراتێس، بەشدارن. ئەمان لەپاڵ ئەوەدا کە پێنج بەشەکەی دیالۆگی پۆلیتێیا (دەوڵەت یان کۆمار) بەپوختی و کورتی دیاری دەکەن، هەروەها دەربارەی ئەفسانەی ئەتلانتیس دەدوێن، واتا لەو دورگەیە، کە گۆیا لە لیبیا و ئاسیای بچووک گەورەتر بووە و ژێر ئاو کەوتووە، هەروەها تیمایۆس چیرۆکی سەرهەڵدانی گەردوون هەتا دروستبوونی مرۆڤ دەگێڕێتەوە.

2) Platon, Timaios 5, 28 a.

3) لێرەدا بەندین بە "تیۆریی زانین"ـەوە (ئێپیستێمۆلۆگییەوە)، واتا شیمانەکانی زانینی خۆیی دەکرێن بە بابەتی شرۆڤەکردن. سەرەتای هزرین بریتییە لە دەرککردنەکان، کە بەڕێی سێنسەکانەوە ئەنجام دەدرێن. ئەم دەرککردنانە بۆ پلاتۆن زانین نین، چونکە سێنسەکان تەنیا رواڵەتی شتەکان نەک بناغەکانیان بە دەروون دەگەیەنن. ئەوە ئەرکی زانینخودازە، کە لێرەوە لەسەر هزرین بەردەوام بێت، هەتا بە بناغەی سەرجەم شتەکان یان بە کایەی ئیدێکان دەگات. هۆش دەبێت لە ئیدێ هەرەمئاساکان و لوتکەکەیان، کە ئیدێی چاکەیە، تێبگات.

4) Gigon, Olof u.a.: Platon, Lexikon der Namen und Begriffe, S. 170
5) Hoffmann, Ernst: Platon, S. 100
6) Ebenda, S. 102
7) Gadamer, Hans-Georg: Idee und Wirklichkeit in Platos Timaios. S. 9
8) Ekschmitt, W.: Weltmodelle. S. 103

9) واژەی گریکیی "کۆسمۆس" لە بنەڕەتدا واتای "ڕێکخراوی" دەگەیەنێت، بە پێچەوانەی "کائۆس" کە واتای شێواوی، ناڕێکخراوی، دەگەیەنێت.

10) Platon, Timaios, 5, 29 a.
11) ebenda, 6, 29 e.
12) Platon, Philebos 26 b. In: Natrop, Paul: Platos Ideenlehre, S. 340

13) بڕوانە:

Natrop, Paul, a.a.O., S. 340f.

14) پلاتۆن گەردوون وەک کامیلترینی سەرجەم شتە دروستکراوەکان یان وەک گەردوونی بەئاوەز (ئاقڵ) دیاری دەکات، لەبەر ئەم هۆیەش دەروونی پێدەدات. دەروون دەبێت لەنێو بینای گەردووندا یەکەم و سەروەر بێت، لێ ماتەری دەبێت دوای ئەو هاتبێت و خزمەتکاری ئەو بێت. بۆیە خودا، پێش دروستکردنی گەردوون، دەروون لە توخمی هەمیشە وەک خۆ ماوە و توخمی بگۆڕ ئامادە دەکات، واتا دەروون وەک توخمێکی سێیەم لە نێوان هەردووکیاندا دادەنێت. لە لایەکی دیکەوە "دەروونی گەردوون" زەرورییە، چونکە ئاوەز تەنیا بەڕێی دەروونەوە دەتوانێت خۆی بە شتە ماتەرییەکان ڕابگەیەنێت، هەر بۆیە دەروون ئەندامێکی نێوەندییە لە نێوان ئیدێ و دیاردەدا، هەروەها وەک ئەم دەروونە گەردوونییە لە لایەک بناغەی سەرجەم بزووتنی ڕێکخراوە و لە لایەکی دی سەرچاوەی سەرجەم ژیانی هۆشەکی و زانینە.

15) Platon, Timaios, 34 b
16) ebenda, 10, 37 d-e.
17) ebenda, 10, 37 d-e.
18) ebenda, 10, 38 a.

هەروەها بڕوانە:

- Gloy, Karen, a.a.O., S. 70.

19) Gloy, Karen, a.a.O., S. 70 .
20) Huge, Perls: Plato, seine Auffassung vom Kosmos, S. 146.
21) Speiser, Andreas: Ein Parmenides Komentar, S. 51.
22) Ebenda, S. 51.
23) Gigon, Olof, a.a.O., S. 80.
24) Gloy, Karen, a.a.O., S. 60.
25) Ebenda, S. 64.

26) خودا، بەگوێرەی گێڕانەوەکەی "تیمایۆس"، جەستە بۆ ئەم تەنانەی ئاسمان دروست دەکات و هەر حەوتیان دەخاتە سەر حەوت سووڕهێڵ. ئەم تەنانە لەپاڵ زەمین و خۆردا بریتین لە ئەفرۆدیت (ڤینۆس)، هێرمێس (مێرکور = ئەتارید)، کرۆنۆس (ساتورن = زوحەل)، زیۆس (یوپیتەر = موشتەری)، ئارێس (مارس = مەریخ). زەمین بە دیدی پلاتۆن دەکەوێتە سەنتەری گەردوونەوە و بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە. مانگ بە دەوری زەمیندا و خۆر بەسەر زەمینەوە دەسووڕێنەوە. ڤینۆس و مێرکور لەسەر سووڕهێڵی یەکسان و بە هاوخێرایی لەتەک سووڕهێڵی خۆردا دەبزوێن، لێ بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە، کە ئیدی خۆر و ڤینۆس و مێرکور دەکەونە هاڤرکێی بۆڕدانەوەی یەکتری. هەروەها پلانێتەکانی دیکەش لەسەر سووڕهێڵی بە خۆ تایبەتیان دەبزوێن. سووڕقۆناغی ئەم تەنە دیاریکراوانە بریتییە لە پێوەری پێوانی کات.

27) بڕوانە:

- Platon, Timaios, 11, 38c – 39e.
- Gloy, Karen, a.a.O., S. 65

28) Mason, Stephan F.: Geschichte der Naturwissenschaft in der Entwicklung ihrer Denkweisen, Stuttgart 1961 (XXIV), S. 47f.
29) Platon, Timaios 34 b
30) Gloy, Karen, S. 67
31) Platon, Timaios, 34 b

32) بڕوانە:

- Gloy, Karen, a.a.O., S. 51

33) ebenda, S. 67
34) Platon, Timaios, 49 a.
35) Hoffmann, Ernst, a.a.O., S. 116.
36) Platon, Timaios, 48 a.
37) Gadamer, Hans-Georg, a.a.O., S. 25
38) پلاتۆن نەیدەتوانی لەم دوو سێگۆشەیەوە کورتکردنەوەی (ڕێدوکسیۆنی) دی ئەنجام بدات، بۆیە وەک دەرچە وەریگرتن.
39) Jammer, Max: Das Problem des Raumes. Die Entwicklung der Raumtheorien. Darmstadt 1960, S. 14f.
40) Natrop, Paul: Platos Ideenlehre. Eine Einführung in den Idealismus, Leipzig 1903, S. 348.
41) ebenda, S. 350
42) Jammer, Max, a.a.O., S. 15
43) Russel, Bertrand: Philosophie des Abendlands, Köln 2002, S. 168.

44) لێرەدا مەبەست لەوەیە، کە بە دیدی پلاتۆن کەسی فۆرمێنەری / سازێنەری هەر فیگورێک لەکاتی فۆرماندندا وێنەی نێو هۆشی خۆی وەک سەروێنە وەردەگرێت و لێوەی فۆرمێکی تایبەتی، بۆ نموونە ملوانکەیەک، بە کەرەسەی زێڕ دەهێنێتە ئاراوە، لێ ئەم فۆرمە دروستکراوە تەنیا لە وێنە سەروێنەییەکەی نێو هۆش دەچێت بەبێ ئەوەی هاوشێوەی بێت؛ بە پێچەوانەوە وێنەکەی نێو هۆش هاوشێوەی ئیدێی ملوانکەکەیە، کە هۆش پێش هاتنی بۆ نێو لەش، لە ئەودنیا، لێی ڕوانیوە و ئێستاش لە جیهاندا هێناوییەتەوە یادی خۆی.

45) Platon, Timaios, 52 a.
46) Gadamer, Hans-Georg, a.a.O., S. 21
47) ebenda, S. 22
48) Gloy, Karen, a.a.O., S. 81
49) ebenda, S. 20

50) Perls, Huge: Plato. Seine Auffassung vom Kosmos. Bern 1966, S. 145.
51) ebenda, S. 146

## سەرچاوەکان


- Ekschmitt, Werner: Weltmodelle. Griechische Weltbilder von Thales bis Ptolemäus, Mainz 1989.
- Gadamer, Hans-Georg: Idee und Wirklichkeit in Platos Timaios, Heidelberg 1974.
- Gigon, Olof u.a.: Platon, Lexikon der Namen und Begriffe, Zürich 1975.
- Gloy, Karen: Studien zur platonischen Naturphilosophie im Timaios، Königshausen+Neumann, 1986.
- Hirschberger, Johannes: Geschichte der Philosophie (Zweitausendeins)
- Hoffmann, Ernst: Platon, Zürich 1950
- Jammer, Max: Das Problem des Raumes. Die Entwicklung der Raumtheorien, Darmstadt 1960.
- Mason, Stephan F.: Geschichte der Naturwissenschaft in der Entwicklung ihrer Denkweisen, Stuttgart 1961 (XXIV).
- Natrop, Paul: Platos Ideenlehre. Eine Einführung in den Idealismus, Leipzig 1903.
- Perls, Huge: Plato, seine Auffassung vom Kosmos, Bern 1986.
- Platon:
    - Timaios.1) in: Sämtliche Werke, Band 5, nach einer Übersetzung von Friedrich Schleiermacher, Hamburg 1987. 2) in: Werke, 7. Band, bearbeitet von Klaus Widdra, Darmstadt 1972.
    - Der Staat, vollständige Textausgebe. Magnus.
    - Menon, Hamburg 1951.

- Russel, Bertrand: Philosophie des Abendlands, Köln 2002.
- Speiser, Andreas: Ein Parmenides Komentar, Stuttgart 1959.
- Zeller, Edward: Geschichte der griechischen Philosophie, Magnus. Neuauflage der im Jahr 1883 erschienenen Erstauflage.

**__فەرهەنگۆک__**

**ئەزەلی**: هەمیشەیی، لە سەرەتاوە هەبوو، بە پێچەوانەی **ئەبەدی** کە ڕووەو ئاینده هەمیشەییە.

**ئیدێنتیتی** (لاتینی): یەکایەتی. ئێدێکان بۆ نموونە لەتەک خۆیاندا یەکن.

**دەرککردن**: وەرگرتنی فیزیۆلۆگییانەی بابەتەکانی جیهان.

**لێهزرین**: بیرلێکردنەوە

**ئۆبژێکت**: (لاتینی) دانراو، بەکێشیکراو، بەپرسیارکراو، لە لایەن سەبژێکێکەوە، بکەرێکەوە.

**سێنس** (لاتینی)، بە ئارەبی: حەواس. بەکوردی هەست (شەش هەستەکە) بەکاردەهێنرێت کە ڕاست نییە.

**سێنسی**: (مەحسوس)

**شیمانە**: (ئیحتیمال)

**تێگە**: (بە ئارەبی: مەفهوم)

**تێز** (یۆنانی. لاتینی): دانانی دەربڕینێکی بنەمایی کە وەک بنەمای بەڵگەهێنانەوەی دی وەردەگیرێت.

ئەم توێژینەوەیە یەکەم جار لە گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە 7، ساڵی 2007 بڵاوکراوەتەوە